# ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، وپاشان بێت بۆ نوێژی جومعە وبە بێدەنگی گوێبگرێت لە وتارەکە؛ ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە گوناهەکانی نێوان ئەو جومعەیە وئەوەی داهاتوو وزیادەی سێ ڕۆژ

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، وپاشان بێت بۆ نوێژی جومعە وبە بێدەنگی گوێبگرێت لە وتارەکە؛ ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی لێخۆشبوون لە گوناهەکانی نێوان ئەو جومعەیە وئەوەی داهاتوو وزیادەی سێ ڕۆژ، وئەوەی دەست لە وردە بەرد بدات (خۆی سەرقاڵ بکات لە کاتی وتارەکەدا)؛ ئەوا قسە وکردەوەی پوچی ئەنجامداوە».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بەجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت بە جێبەجێکردنی پایەکانی وسونەت وئەدەبەکانی، پاشان بێت بۆ نوێژی هەینی وبە جوانی گوێ بۆ وتاربێژ بگرێت، وبێدەنگ بێت لە ووتن وکردنی شتی پوچەڵ؛ ئەوا خوای گەورە لە گوناهە بچووکەکانی دە ڕۆژی خۆشدەبێت، لە نوێژی هەینیەوە بۆ نوێژی هەینی دواتر وزیادەی سێ ڕۆژ؛ چونکە پاداشتی چاکە بە دە هێندەیە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریدا سەبارەت بە ئامادە نەبوونی دڵ لەکاتی وتار وئامۆژگاریدا، بەهۆی سەرقاڵبوونی ئەندامەکان بە دەستلێدان لە بەرد وهۆکاری تری سەرقاڵکەر، ئەوەی بەم شێوەیە بێت ئەوا تووشی پوچەڵ بووە، ئەوەی تووشی پوچەڵ بێت ئەوا بێبەشکراوە لە پاداشتی نوێژی هەینی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5433